

## شەهرام عەلیدی:

# پێویستە ڕێچکەیەک بۆ سینەمای کوردی دابنێین و ناوبانگیشی لە دەرەوە بپارێزین


لە دوای ڕاپەڕین و ئازادکردنی باشووری کوردستان، یەکێك لەو بوارانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆری پێداو و لە ڕووی ماددییەوە پارەیەکی زۆری بۆ تەرخان کرد، بواری سینەما و فیلمسازی بوو لە کوردستان، هەر بۆیەش دەیان فیلمی سینەمایی بە ناوی کوردستان، یان بە هاوبەشی لەگەڵ وڵاتانی دیکە بەرهەمهاتن و بەشدارییان لە فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا کرد و جگە لە سینەماکارانی باشووری کوردستان سینەماکارانی پارچەکانی دیکەش سوودیان لەم ئاوڕلێدانەوەیەی حکومەتی هەرێم وەرگرت، بەتایبەتی سینەماکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە حوکمی ئەوەی لە ئێران گرنگییەکی زۆر بە هونەری حەوتەم دەدرێت و ئەوانیش ئەزموون و شارەزاییەکی زۆریان وەرگرتووە. شەهرام عەلیدی یەکێکە لە گەنجەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە یەکەم فیلمی درێژی خۆی (سرتە لەگەڵ با Whisper With the Wind ) توانی بگاتە فیستیڤاڵی (کان)ی سینەمایی جیهانی و چەند خەڵاتێکیش بە دەست بهێنێت.

سەبارەت بە فیستیڤاڵە سینەمابییەکان کە تا ئێستا لە کوردستان ئەنجامدراون شەهرام عەلیدی دەڵێت: لە زۆر لایەنەوە فیستیڤاڵە سینەمابییەکانی کوردستان پێشڤەچوون و ئەو کەسانەی کاری سینەما دەکەن، بەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو رەنگ و هەستێکی دیکەیان هەیە، توانا و وزەیەکی زۆریان لێ بەدی دەکرێ و بەو وزە و توانایەوە کار دەکەن و هەر یەکە کاری خۆی زۆر بە سەرکەوتوویی ئەنجام دەدات بۆ سەرکەوتنی.

شەهرام عەلیدی پێیوایە کە کوردستان لە رووی جوگرافییەوە زۆر گونجاوە بۆ بەرهەمهێنانی فیلم ئەگەر بتوانی سوودی لێ وەربگیرێت و لەم رووەوە بە نموونە باس لە شارێکی وەکو رواندز دەکا و دەڵێ: کوردستان هەم وەك جوگرافیاو ئاو و هەوا، هەم وەك مرۆڤەکانی تایبەتمەندیی خۆی هەیە، پاکی شوێنەکانی، بەرد و دار و شاخ و دۆڵ و کانیاوەکانی، جوانییەکی ئێجگار زۆری بەخشیوەتە سروشتی کوردستان. ئەو سادەیی و بەخشندەییەی خەڵکەکەی پێدەناسرێتەوە، ئەو کەلتوورو فەرهەنگەی هەڵگریانن، هەموو ئەم تایبەتمەندیانەش لە شاری رواندزدا رەنگی داوەتەوە. واتە رواندز ناوچەیەکی هەرە گونجاوە بۆ بەرهەمهێنانی سینەما و تایبەتمەندییەکی دیکەشی کە بۆ هەندێ کاری سینەمایی پێویستە، بریتییە لە بوونی دەڤەری خەیاڵ ئامێز، ئەمەش لە رواندزو دەوروبەریدا زۆر بەرچاوە».

هەمیشە سینەماکاران دەڵێن ئەو کەسەی بیەوێ لە سینەمادا کار بکات و سەرکەوتوو بێت، پێویست سەرەتا لە کورتە فیلمەوە دەست پێبکات بۆ ئەوەی ئەزموونێك لە بواری خۆی وەربگرێت ئینجا دەست بکات بە فیلمی درێژ یان بلّند، لە کوردستاندا کورتە فیلمی هەنگاوی زۆری بڕیوە، شەهرام عەلیدی سەبارەت بە بەرزبوونی ئاستی کورتە فیلمە کوردییەکان لە چەند ساڵی رابردوودا بە بەراورد لەگەڵ فیلمە درێژەکان دەڵێت: ئێمە کارێك ئەنجام دەدەین ئینجا جارێکی دی دێین دووبارەیان دەکەینەوە، ئەوەی ئێستا دەکرێت کارێکی بە پلان نییە، بەڵکو پاشەکشێیە، لە چەند ساڵی رابردوودا پارە دراوە بە کەسانێك کە فیلمی کورتیشی نەکردووە، کەچی دەچێت فیلمی درێژ دەکات، لە کاتێکدا پێویستە ئەو کەسەی فیلمی درێژ بکات بەلایەنی کەم چوار کورتە فیلمی سەرکەوتووی هەبێت و زیاتر لە دە خەڵاتی بەدەستهێنابێت و لە چەندین فیلمی درێژدا بە ناونیشانی دیکە بەشدار بووبێت جگە لە دەرهێنەری، ئەمە دەبێت ستاندار بێت و پێویستە ئەم هەموو قۆناغانەی بڕی بێت ئینجا دەتوانیت پڕۆژە پێشکەش بکات بۆ فیلمی درێژ، بەداخەوە کەسانێك بێ ئەوەی ئەم قۆناغانەیان بڕیبێت چەند فیلمی درێژی ناسەرکەوتوویان کردووە و بودجەکەیان هەموو بە فیڕۆ چووە، بۆیە پێویستە سنوور و ستانداردێك دابنرێت، چونکە دەبێتە هۆی درووستبوونی رکابەرێتی و ئاستی فیلمەکانیش بەرز دەبێتەوە بە پێچەوانەوە ئەگەر نەبێت هەر کەسێك لە پڕا بێت ئەوەی هیچ توانا و وزەیەکیش سەرف بکات یەکسەر فیلمێکی درێژ دەکات ئەگەر نیگەتیڤیش بێت و بودجەیەکی زۆریش خەرج بکرێت بەبێ ئەوەی بەرهەمی هەبێت.

سەبارەت بەوەی دەرهێنەرە کوردەکان پێویستە رەچاوی بکەن بۆ سەرکەوتنی کارەکانیان دەڵێ: پێویستە هەر دەرهێنەرێك سنووری خۆی بزانێت و دەستکەوتێك بەدەست بهێنێت بۆ فیلمەکەی بەو بودجەیەی بۆی تەرخان کراوە و هێزێکی زیاتر بداتە فیلمەکەی خۆی، هەروەها نابێت بودجەکەی هەمووی لە کوردستان دابین بکرێت، لە فیلمە نوێیەکەی خۆمدا کوردستان وەك بەشێکی بچووك تێیدا بەشدارە لەگەڵ چەندین وڵاتی دنیا، ئێمە پێویستمان بە توانای ئەم هونەرمەندانە هەیە لە هەمان کاتدا توانایەکی زۆریشمان لەبەردەستە و بەرپرسین لە سایکۆلۆژیەتی مرۆڤی کورد و ناکرێت لە سینەمادا هەر بڵێین دۆران و دۆڕان، بەڵکو دەبێ رێچکەیەك دانێین بۆ ئەوەی ناوبانگی سینەمای کوردی لە دەرەوە بپارێزین، زۆر کەسی شارەزا لە دەرەوە پێم دەڵێن بۆ سینەمای کوردی وای لێهاتووە؟ ئەوە کێیە لە کوردستان ئەم جۆرە فیلمانە دەکات و کێ لێی بەرپرسە؟ چونکە ئەوان دەزانن خەریکە ئاستی فیلمەکان زۆر دادەبەزێت.



**پڕۆفایل:**
لە ساڵی ١٩٧١ لە شاری سنە لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٨٢ چالاکی شانۆیی هەبووە، لە ساڵی ١٩٨٨ چەند چالاکییەکی لە بواری شێوەکاری ئەنجام داوە، دەرچووی بەشی شێوەکاریی کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی تارانە، لە هەمان کۆلێژ ماستەری لە سینەما بەدەستهێناوە. لە سێ پێشبڕکێی شێوەکاری خەڵاتی یەکەمی بەدەستهێناوە لە ساڵانی ١٩٩١ و ١٩٩٢ و ١٩٩٣، چالاکی لە بواری ئەنیمەیشنی بۆ کتێبی منداڵان کردووە، ئێستا ئەندامی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی نێونەتەوەیی ئەنجومەنی سینەماکارانی لاوی وڵاتی ئێرانە و ئەندامی دادوەری فیستیڤاڵی (بەندەر عەباس) ە لە ئێران و ئەندامی لێژنەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە بنکەی کورتە فیلمی ئێران، دەرهێنەر خاوەنی چەندین کورتە فیلمی سینەمایی و دیکۆمێنتییە، بەرهەمە سینەماییەکانی تا ئێستا لە چەندین هۆڵی سینەمایی جیهانی و کەناڵە ئاسمانییە جیهانییەکان نمایشکراوە.

# ئەحلام:
# زێڕەکانم بایی ٤٠ ملیۆن دۆلار دەبن

خانمە هونەرمەندی ئیماراتی ئەحلام رایگەیاند کە هیچ کات نیگەران و تووڕە نابێت بەو هەواڵانەی باس لە جلوبەرگ و زێڕەکانی دەکەن، بەپێچەوانەوە ئەو کات هەست بە نیگەرانی دەکات کە باسی ناکەن، چونکە پێیوایە خەڵك سەیری ناکەن و جلوبەرگەکانی مشتومڕیان لەناو خەڵك نەناوەتەوە.

ئەحلام لە میانەی بەرنامەی "صباح العربیە" کە رۆژانە لە کەناڵی ئەلعەرەبییە پێشکەش دەکرێت راستییەکی سەیر و سەرسوڕهێنەری دەربارەی ژمارە و بڕی زێڕەکانی درکاند و بە ئاشکرا گوتی: تەحەددای هەر کەسێك دەکەم کە زیاتر لە من زێڕ و خشڵە گرانبەهاکان بکڕێت، ئاماژەشی بەوە کرد کە تا ئێستا بایی زیاتر لە ٤٠ ملیۆن دۆلار زێڕ و خشڵی گرانبەهای هەیە و لە هەر شوێنێك پارچە زێڕێکی جوان و سەرنجڕاکێشی دەست بکەوێت، ئەوا بەبێ دوو دڵی دەیکڕێت. دەربارەی فەیسبوك و پەیوەندیی لەگەڵ جەماوەریش گوتی: زۆر کەس لە ئیمارات و سعودیە لە ڕێگەی فەیسبوکەوە قسەی ناشیرین و نابەجێیان بۆم دەنووسی و هێرشیان دەکردە سەرم بە مەبەستی لەکەدار کردنی ناوبانگم، بۆیە ناچار بووم بەشێکی زۆری ئەو کەسانە لای خۆم بسڕمەوە.

شایەنی باسە هەمیشە ئەحلام بەوە تاوانبار دەکرێت کە گرنگییەکی زۆر بە جلوبەرگ و زێڕ دەدات و لە یەکێك لە بەرنامەکان کە ئەو تێیدا میوان بوو نرخی کراسەکەی زیاتر لە یەك ملیۆن دۆلار بوو.



# کیم کارداشیان کۆشکێکی بە نرخێکی خەیاڵی کڕی



ئەستێرە و مۆدێلی جیهانی کیم کارداشیان لە دیمانەیەکدا دووپاتی کردەوە دوای گەڕانێکی زۆر لە کۆتاییدا توانیی کۆشکی خەونەکانی بدۆزێتەوە لە بیڤرلی هیلز و چەند تایبەتمەندییەکی تێدایە کە لە کۆشکە ئاساییەکاندا نییە و بۆ هەموو بۆنەکان گونجاوە. ئەم کۆشکە نوێیەی چەند تایبەتمەندییەکی تێدایە و لەسەر شێوازی فەرەنسی درووستکراوە لە هەمان کاتدا فراوانە و شوێنی هەموو ئەندامانی خانەوادەی کیم دەبێتەوە بەتایبەتی لە بۆنەکاندا کە کۆدەبنەوە.ئەم کۆشکە دەکەوێتە ناوچەی بیڤرلی لە ویلایەتی کالیفۆرنیا و خاوەنەکەی لیزا ماریی کچی ئەستێرەی پۆپی ئەمریکی ئەلڤیس بریسلی، رووبەرەکەی ٨ هەزار پێی چوارگۆشەیە و نرخەکەی ٢٠ ملیۆن دۆلارە، چەند ژوورێکی گەورەی تێدایە لەگەڵ دوو مەلەوانگە و ژوورێکی گەورەی نان خوارد و یاریگایەکی تۆپی سەبەتە و هۆڵێکی سینەما و ستۆدیۆیەك کە نوێترین تەکنۆلۆژیای تۆمار کردنی دەنگی تێدایە، ئەمە سەرەڕای بوونی باخچەیەکی گەورەی چاندنی کە زۆر لە باخچەکانی باشووری فەرەنسا دەچێت و دەمێکە کیم بەدوای کۆشکێکی لەو شێوەیە دەگەڕێت.

## ئەکشارا حەسەن:

# سەرکەوتنم لەگەڵ ئەمیتاب بۆ ئافرەتێک دەگەڕێتەوە

کارکردن لەگەڵ ئەمیتاب باتشان و بەشداریکردنی لە فیلم، یان هەر کارێکی هونەری و سەرکەوتن تێیدا خەونی زۆربەی ئەستێرە سینەماییەکانی هیندستانە لەبەر مێژووی هونەری و ناوبانگی ئەو هونەرمەندە گەورەیە لەسەر ئاستی هیندستان و تەنانەت جیهانیش، کچە ئەکتەر ئەکشارا حەسەن ئەم خەونەی هاتەدی و لە دوایین فیلمی ئەمیتاب کە بە ناوی (Shamitabh) بەشداری کرد.

لەم بارەیەوە ئەکشارا رایگەیاند کە هۆکاری سەرکەوتنی لەگەڵ ئەمیتاب بۆ دایکی دەگەڕێتەوە و ماڵپەڕی The Times of India لەسەر زاری ئەکشارا پێی راگەیاندووە: بەشێکی زۆری ژیانی خۆم لە شاری تشینای بەسەر برد کە تێیدا خەڵك بە دەگمەن بە زمانی هیندی قسە دەکەن، ئەمەش قسەکردنی بە زمانی هیندی بۆ من زەحمەت کردبوو، بەڵام دایکم زۆر هاوکاریی کردم بۆ ئەوەی لە زمانی هیندی بگەم و بتوانم بە باشی قسەی پێ بکەم، تەنانەت زۆر جار لە ناوەڕۆکی گفتوگۆکەش نەدەگەیشتم ئەگەر دایکم بۆمی روون نەکردبایەوە.

ئەم فیلمە باس لە دوو هاوڕێ دەکات کە خەونی زۆریان هەیە، بەڵام لەبەر چەند بارودۆخێکی تایبەت لە یەکتر دووردەکەونەوە و جگە لە ئەکشارا هەریەکە لە دانۆش و بیت مادس بەشداری تێدا دەکەن لە دەرهێنانی ئار بالکییە و لە رۆژانی رابردوو لە سەرتاسەری هیندستان نمایش کراوە.





حەسنا ئەلعەکوبی:

# هیوادارم لــــــــە نزیکەوە ئاشـــــنای هونەری کـــــوردی بم

**ئەکتەر و نمایشکاری جلوبەرگە لە یەك کاتدا و لە هەردووکیاندا سەرکەوتوو بووە و ماوەی حەوت ساڵ قوتابی پەیمانگەی باڵای هونەری بووە لە کازابلانکا، بەڵام نمایشکاری جلوبەرگ بە هۆکاری پەیداکردنی بژێوی ژیان دادەنێت و ئەکتەرییش وەك حەز و خولیایەك کە هەر لە منداڵییەوە گیرۆدەی بووە، حەسنا ئەلعەکوبی کچە نمایشکار و ئەکتەرە و لە ئێستاوە دەیەوێ لە ڕێگەی نمایشکردنی جلوبەرگەوە هەنگاوەکانی بەرەو جیهانی سینەما و نواندن بهاوێت پشت ئەستوور بە توانا هونەرییەکانی خۆی و ئەو ئیرادە و حەزەی بۆ کاری نواندن هەیەتی و بە سوود وەرگرتن لە پێشکەوتنی سینەمای مەغریبی و کرانەوەی بەسەر ئەوروپا و جیهانی عەرەبیدا و ئەو هەموو فیستیڤاڵە جیاجیانەی کە لەو وڵاتە بە بەردەوامی ساز دەکرێن، حەسنا لە دیمانەیەکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** ئایا لـــە ڕووی هونەرییەوە هیچ پێوەندییەك لە نێوان نمایشکاریی جلوبەرگ و کاری نواندا هەیە؟**

- بێگومان هەردوو بوارەکە چەند شـــتێکی هاوبەشیان هەیە، بۆ نموونە چۆن لەســـەر شانۆ دەردەکەویت لەبەردەم جەماوەردا بە هەمان شێوە لە نمایشکردنی جلوبەرگیش بە هەزاران کەس ئامادەن و سەیرت دەکەن تەنانەت چاودێریی هەنگاوەکانیشـــت دەکەن، بۆیە هەردووکیان پێویستیان بە جورئەتێکی زۆر هەیە، بەڵام وەك خۆم عاشـــقی نواندنم و خەونی لە مێژینەم بـــووە کە بتوانم ببم بە ئەکتەرێکی ســـەرکەوتوو، راستە ئێستا نمایشـــکردنی جلوبەرگ بە ســـەرچاوەی بژێوی ژیانی خۆمی دەزانم، بەڵام ناتوانم بـــەردەوام بم لەســـەری، چونکە تەمەنی نمایشـــکاری جلوبەرگ ســـنووردارە، بەڵام تەمەنی نواندن دیار نییە و هەموو تەمەنەکان پێویستن، بۆیە ئێستا گرنگی زیاتر بە کاری نواندن دەدەم.

*** وەك ئەکتەرێکـــی کچ کە لەســـەرەتای قۆناغەکانی هونەریدایت، ئەو ئاســـتەنگانە چین کە هاتوونەتە ســـەر ڕێگات؟**

- بێگومان هەر کارێك مرۆڤ ئەنجامی بدات لەسەرەتادا ڕووبەڕووی گرفت دەبێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئافرەتێك لە سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەری بێت لە کۆمەڵگەی هاوشـــێوەی خۆمان، هونەرمەند دووچاری زەحمەتییەکی زۆر دەبێتـــەوە تا بتوانێت ناوێـــك بۆ خۆی پەیدا بکات و بوونی خۆی وەك هونەرمەندێکی سەرکەوتوو بسەلمێنێت، ئەمە پێویستی بە چەند ساڵێك دەبێت، گرنگترین هۆکاری سەرکەوتنی هونەرمەندیش بەردەوامبوونیەتی لە بوارەکە.

*** تا ئێستا پشتت بە جوانی خۆت بەستووە، یاخود بەو بەهرە هونەرییەی کە لە ناخی تۆدا هەیە؟**

- بێگومان ســـەرەتا پشـــتم بە توانـــا و بەهرەی خۆم بەســـتووە، چونکە پێویســـتە بەهرەی هونەریت هەبێت تا بتوانیت بوونی خۆت بســـەلمێنیت، من تا ئێستا دەرفەتی زۆرم بۆ نەڕەخساوە تاکو بتوانم هەموو توانا و بەهرەکانی خۆمی تێدا دەربخەم، یان فیلمێکم پێشکەش کرابێت کە بە تەواوی لێـــی رازی بم، هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو دەرفەتەم بۆ بڕەخسێ و مەرج نییە تەنیا لە مەغریب بێـــت، بەڵکو لە هەر وڵاتێکی دیکەی عەرەبی بێت، تاکو هەموو لایەك لە نزیکەوە بە توانا و بەهرەی من ئاشنا بن، چونکە خەون و ئاواتەکانم ســـنووردار نین و خۆم تەنیا بە مەغریبەوە گرێ نەداوە.

*** بەڵام ڕووخســـاریش گرنگیی خۆی هەیە، ئایا هیچ پشتت پێی نەبەستووە، یاخود هیچ لە دەرهێنەرەکان داوایان لێ نەکردوویت تەنیا لەبەر جوانیت بەشـــداری کارێکیان بکەی؟**

- راســـتە لە نواندندا دەم وچاو و جوانیی دەرەوە ڕۆڵی ســـەرەکییان هەیـــە، لە ســـینەما، یان تیڤی پێویســـتە هونەرمەنـــد دەم وچاوێکی گونجـــاوی هەبێت بۆ ئەوەی دەربکەوێت، زۆر لە دەرهێنەران کاریان پێشـــکەش کردووم کە تا رادەیەکی زۆر جورئەتی پێویســـتە، بەڵام من حەز ناکەم تەنیا پشـــت بە جورئەت ببەستم و بەو جۆرە ڕۆڵانە بناسرێم، بەڵکو ڕۆڵی جیاوازم دەوێ دوور لەوەی کە پشت بە جوانی و بەژن و باڵای خۆم ببەستم.

*** بۆچی تا ئێستا دەرفەتت بۆ نەڕەخساوە، ئایا تۆ خۆت بـــە هەموو ڕۆڵێك رازی نەبوویـــت، یان ڕۆڵی گونجاوت پێشکەش نەکراوە؟**

- لە سینەمادا ڕۆڵی زۆرم پێشکەش کراوە کە جورئەتی زۆریان تێدایە، ســـەبارەت بە تیڤی ڕۆڵی زۆرم پێشکەش نەکـــراوە، چونکە لە تیڤی زیاتر پشـــت بـــە پەیوەندییە تایبەتییەکان دەبەســـترێت و پێویســـتە دەرهێنەرێك، یان بەرهەمهێنەرێك بناســـی ئینجا ڕۆڵت پێشکەش دەکەن و پشت بە توانا و بەهرە نابەسترێت.

*** سینەمای مەغریبی بە جورئەت ناسراوە، زۆر جار ئەم جورئەتە پێویســـتە بۆ سەرکەوتنی کارەکە، زۆر جاریش بە جورئەتێکی زیاد لە پێویست دادەنرێت، چونکە سنوورەکان دەبەزێنێت، ئەگەر ڕۆڵێکت پێشکەش کرا کە جورئەتێکی هونەری تێدا بێت ســـنوور نەبەزێنێت و پێویست بێت، ئایا پێی رازی دەبیت؟**

- من لە خانەوادەیەکی موحافیزکار پەروەردە بووم، بۆیە هەندێك هێڵی سوور هەیە کە ناتوانم بیانبەزێنم، تەنانەت ئەگەر ڕۆڵەکە ســـەرەکی بێت و جورئەتەکەش مەبەســـت و ئامانجێکـــی هونـــەری دیاریکـــراوی هەبێت بۆ پاراستنی ناوبانگی خانەوادەکەم

و دەمەوێ هەمیشە ناوبانگێکی باش و وێنەیەکی جوانم هەبێـــت لە کۆمەڵگـــەدا، من نامەوێ بۆ ســـەرکەوتنی کاری دەرهێنەرێك، یان بیرۆکەکەی پشـــت بە جورئەتی هونەرمەند ببەستێت، بەڵام من درك بەوەش دەکەم کە زۆر جار جورئەت پێویســـتە و مەرجیش نییە تەنیا بە جەستە بێت، هەروەها نەبیلە عوبێد کە بە جورئەت ناسراوە من بە نموونەیەکی بەرزی خۆمـــی دەزانم وحەز دەکەم بگەم بە ئاستی ئەو.

*** بۆچی سینەمای مەغریبی بە جۆرێك لە درووژاندن تاوانبار دەکرێت؟**

- تەنیا لە ســـینەمای مەغریبیـــدا ئەمە نییە، ئەگەر سەیری ســـینەمای میســـری بکەین زۆر لە مەغریبی جورئەتـــی زیاترە، ئێســـتا جۆرە کرانەوەیـــەك لە هەموو وڵاتاندا هەســـتی پێدەکرێت، دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە لە هەموو جیهاندا کچە ئەکتەرەکان ئیستغلال دەکرێن لە لایەن دەرهێنەر و بەرهەمهێنەرەکان بە هەموو شێوەیەك.

*** زیاتر حەز لە چ رۆڵێك دەکەیت؟**

- من زیاتر حەز لـــە رۆڵی درامی دەکەم و حەز دەکەم پەیامێك بە کۆمەڵگە بگەیەنم کە ســـوودی بۆ تاکەکانی هەبێت لـــە ژیانی رۆژانەیاندا و ببم بە نموونەیەك جوانی کۆمەڵگە.

*** چی لە بارەی سینەمای کوردی دەزانی؟**

- بەداخـــەوە تا ئێســـتا ئـــەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخســـاوە کە ئاشـــنای سینەمای کـــوردی بم، تەنیا لـــە ڕێگەی کەسانی وەك ئێوە نەبێت، بەڵام هەندێك زانیاریم دەربارەی کورد بە گشتی پەیدا کردووە و خۆیشم گەڕاوم بۆ ئەوەی زانیاریم دەربارەی کورد هەبێت و ئاشنای ئەم میللەتە بم، هیوادارم بتوانم ئاشنایەتی زیاترم دەربارەی هونەر و سینەمای کوردی هەبێت، چونکە ئەوەی تێبینیم کردووە سیناریۆی فیلمە کوردییەکانی زیاتر کۆمەڵایەتین و گوزارشـــت لە کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەکات، ئەمە لە مەغریبیش زۆر باوە، چونکە ئێمەش لە مەغریب ئێستا سینەما و هونەر بە هۆکارێکی سەرەکی و ئاسانترین رێگە دادەنێین بۆ گەیاندنی کێشەکانی نێو کۆمەڵگە و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان.

*** ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- کێشـــە کۆمەڵایەتییەکانمان زۆرن و پەیوەســـتن بـــە ژیانی هەموو تاکەکانـــی کۆمەڵگە، هەروەها کێشـــەکانی کۆمەڵگەکانی ئێمە هاوشێوەن لە ناوەڕۆکدا، بەڵام هەر یەکـــەو تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، بۆیە سینەما باشـــترین رێگەیە بۆ خستنەڕوویان.

